# یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان وقەزاو ناحیەکان لەگەڵ هەموارکردنەکانی

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

هەرێمی کوردستان –عێراق

سەرۆکایەتی هەرێم

سەرۆك

بەناوی گەلەوە

بڕیار

ژمارە( ١٨ )ساڵی ٢٠٠٩

یاسایژمارە( ٤ )ی سالی٢٠٠٩ی هەموارکراو*

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق

بە پێی خاڵی( ٢ )ی بڕگەی ( یەکەم )ی ماددەی( ١٠ ) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە( ١ )ساڵی ( ٢٠٠٥ )ی هەموار کراو وبە پاڵپشتی ئەو یاساکارییە پەرلەمانی کوردستان-عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە( ٢٠ )لە٢٠٠٩/٦/٢٢و دوای بە هەند وەرگرتنی پێشنیارەکەمان کە لەبڕیاری ژمارە ( ١٢ )ساڵی ٢٠٠٩لە٢٠٠٩/٦/٢ماندا هاتبوبریارماندا بەدەرکردنی:

( یاسای ژمارە ( ٤ ) ساڵی ٢٠٠٩ ) هەموارکراو

یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق

## بەشی یەکەم

## پێناسەو ئەنجەمەکان

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریان بۆ مەبەستی ئەم یاسایە .

یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان –عێراق.

دووەم: دەستە :دەستەی بالآی سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕا پرسی لەکوردستان دا.

سێیەم: ئەنجومەنەکان ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزا و ناحیەکان .

چوارەم : بازنەی هەڵبژاردن : هەموو ناوچەیەکی دیاری کراو کە ژمارەیەك کورسیان بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە .

پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەیە کە دەستە لەناو بازنەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی دەنگدان تێدا دەست نیشانی دەکات.

شەشەم: لیستی نیمچەکراوە:لیستێکە ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی تێدایە ،دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکەو یەکێك لە کاندیدەکان یان تەنها بەلیستەکەکەبدات .[1]

حەوتەم: لیستی تاك:ئەولیستەیە کە بەگوێرەی ئەوتاکێك خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکات بەمەرجێ لای دەستە ناوی تۆمار کرابێت .[2]

هەشتەم: تۆماری بەرای دەنگدەران: ئەو تۆمارەیە کەناو داتای دەنگدەرانی تێدایە،لەلایەن دەستەوە ئامادە دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە بۆ بینینی و پێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە.( ٣ )

نۆیەم: تۆماری کۆتای دەنگدەران:تۆماریکە بۆ ناو داتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نیە کەلە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی پەڵپ گرتن، بڵاودەکرێتەوە.[4]

**ماددەی دووەم:**

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی هەموو قۆناغ و ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی لە هەرێم دا دەکات تاوەکو ئەو کاتەی دەستە کە دادەمەزرێت .

بەشی دووەم

## مافی هەڵبژاردن

**ماددەی سێیەم :**

مەرجە دەنگدەر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی .

یەکەم : بەڕەگەزنامە عێراقی بێت .

دووەم : شیاوی تەواوی هەبێت .

سێیەم: هەژدە ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت .

چوارەم: تەنها لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت تۆمار کرابێت بەگوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی لە دەستەوە دەردەچن .[5].

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: هەڵبژاردن مافی هەموو هاولاَتیەکە کە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە .

دووەم: هەر دەنگدەرێك مافی خۆی لە دەنگدان بە شێوە یەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاکەکەسی بەکاردەهێنێ .

سێیەم: دەنگدان لە ڕێگەی بریکارەوە نابێت .

چوارەم: دەنگدەرلە یەك هەڵبژاردن دا نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات .

## بەشی سێیەم

## مافی خۆ پاولاَوتن

**ماددەی پێنجەم:**

یەکەم: ئەوەی خۆی بۆ ئەندامیەتی ئە نجومەنەکان دە پاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی تێدابێت .

١-دەبێت عیراقی بێت و شیاویی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەیشتبێتە ٢٥ساڵ لەکاتی خۆ پالاَوتنی دا.

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان و ئە نجومەنەکانی قەزاکان بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێ و پاڵێوراوانی ئە نجومەن خۆجێییەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێ .

٣- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بێت وبە تاونێك یان کەتنێکی ئابڕوبەر حکوم نەدرابێت .

٤-ڕۆڵەی یەکە ئیدارییەکەبێت ولەتۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرابێت .[٦]

٥-نابێت لە کاتی خۆپالاَوتنیدا لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت .

٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابێت یا جێبەجێی کردبێت

دووەم: پاڵێوراوەکان لەلایەن دەستەوە پەسەند دەکرێن.

**ماددەی شەشەم** : لە هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەگوێرەی لیستی نیمچەکراە پەیرەو دەکرێت.[٧]

**ماددەی حەوتەم :**

یەکەم: دەکرێت خۆ کاندید بکرێت بۆ لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن بە چەشنێك ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبن[٨] .

دووەم: لیستی پاڵێوراوەکان بەجۆرێك ڕێك دەخرێ کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرت ٣٠٪ ئەندامان کەمتر نەبێ .

**ماددەی هەشتەم:** [٩]

**یەکەم: دەنگەراستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆ دەکرێنەوە و دابەشی سەر ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو بازنەیە دەکرێن بۆ بەدەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن.**

**دووەم: ئەو دەنگە ڕاستانەی کەلیست لە بازنەی هەڵبژاردن بەدەستی هێناوە کۆدەکرێنەو بەسەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن بۆ دیاری کردنی ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو لیستە.**

**سێیەم:ریز بەندی کاندیدەکانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بەدەستی هێناون رێك دەخرێتەوەو، ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بەدەست هێناوە لە پێشەوە دادەندرێت و بەم جۆرە تا کۆتای لیستەکە، بەمەرجێك لە نێو هەرسێ کاندیدی لیستەکەدا ژنێك/ئافرتێك دابندرێت، بە چاو پۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو بۆ مسۆگەر کردنی بەدی هێنانی نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان بە رێژەیەك لە ٣٠٪ کەمتر نەبێت لە کورسیەکانی یەك بازنەی هەڵبژاردندا.**

**ماددەی نۆیەم :** [١٠]

**یەکەم: ئەودەنگانەی لیست بەدەستیان دەهێنێت بەسەر کاندیدانی لیستدا دابەش دەکرێن کە لە بڕگەکانی ( یەکەم و دووەم )لەماددەی ( هەشتەم )ی سەرەوەی یاساکەدا هاتووە .**

**دووەم: مەرجە بۆ گەیشتنی لیستی تاك بە کورسیەك بەلای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن .**

**سێیەم: کورسی بەتاڵ لەکاتی هەبونیدا بەسەر لیستەکانی بەشداردا دابەش دەکرێن بە پەیرەو کردنی ماوەی هەرە بە هێز.**

**چوارەم: لەکاتی یەکسان بوونی ژمارەی دەنگی کاندیدانی سەرکەوتو لە یەك لیستدا ، پەنا بۆ تیرو پشك دەبردرێت بە مەرجێك کار لە رێژەی نوینەرایەتی ژنان/ئافرەتان نەکات.**

**ماددەی دەیەم:** [١١]

**یەکەم: ئەگەر ئەندامی ئە نجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسیەکەی خوی لەدەست دا کاندیدی دوای ئەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە نێو لیستەکە یدا بەدەستی هێناون، جێی دەگرێتەوە .**

**دووەم: ئەگەر کورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك کە کاندیدی نەمابوو یان هی لیستێکی تاك بوو، کورسیەکە بۆ کاندیدێکی دی لە لیستکی دیکەدا تەرخان دەکرێت، بە پێرەو کردنی ماوەی هەرە بە هێز و بە پێچەوانەشەوە کورسیەکە بە بەتاڵی دەمینێتەوە.**

## بەشی چوارەم
## بازنەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی یازدەم:**

هەر دەنگدەرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بە خۆی لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا پیادە دەکات کە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار کراوە .

**ماددەی دوازدەم:**

یەکەم: هەر پارێزگایەك بە پێی سنووری کارگێڕی فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا .

دووەم: هەر قەزاو ناحیەیەك بە پێی سنووری کارگێڕی، فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەکی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزاو ناحیەکاندا .

## بەشی پێنجەم
## ریکلامی هەڵبژاردن

**ماددەی سێزدەم:**

ریکلامی هەڵبژاردن لەهەموو رەسمێك دەبووردرێ .

**ماددەی چوارەم:**

یەکەم: دەستە ئەو شوێنانە دەستنیشان دەکات کە نابێ ریکلامی هەڵبژاردنی تیاهەڵبواسرێ جاڕنامەی هەڵبژاردنی تێدا بکرێ بە درێژی ئەو ماوەیەی کە رێ بە ریکلامی هەڵبژاردن دەدرێ و بڵاوکردنەوەی هەر راگەیاندنێك یا بەرنامەیەك یان وێنەی پاڵێوراوەکان لە مەڵبەندەکانی دەنگدان قەدەغەیە.

دووەم: پێویستە لەسەر کیانە سیاسیە بەشداربووەکان لە هەڵبژاردنەکاندا دا هەڵواسراوی ریکلامی هەڵبژاردن هەڵگرن ئەمەش بە پێی ڕێنماییانە دەبێت کە دەستە دەری دەچوێنی .

**ماددەی پازدەم:**

بەکارهێنانی ئەو تەلارانەی کە وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی هەرێم و هەموو شوێنەکانی کارو و فرمان بۆ کارکردنی حیزبی و ریکلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێ .

**ماددەی شازدەم :**

نابێ فەرمانبەرانی فەرمانگەکانی هەرێم و دەسەلاَ تەخۆ جییەکان دەستەلاَتی فەرمانبەریەتییان یاخود دەرامەتی هەرێم یان هۆیەکانی یاخود دەزگاکانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان بۆ هەر پاڵێوراوێک بەکاربێنن، بە دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆو و سەربازیشەوە ریکلامی هەڵبژاردن یان کارتیکردن لە دەنگدەرەکان .

**ماددەی حەڤدەم :**

یەکەم: نابێ هیچ پاڵێوراوێك لە ڕۆژی دەنگداندا بەرنامەی کاریا یاخود بلاَوکراوە یان پلیت یاغەیری ئەمانە لە بەڵگەنامە بەخۆی یان بەهۆیەکی دیکە بلاَوبکاتەوە .

دووەم: نابێ هیچ کارمەندێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یاخود ئەندامانی دەستەلاَتە خۆ جییەکان، لە ڕۆژی دەنگدان دا بەرنامەی کار بەخۆی یان بەهۆی غیری خۆی بلاَوبکاتەوە .

سێیەم: نابیٚ جارنامە یان دابەش کردنی بەرنامەی کار یان بلاَوکراوە یان پلیت بەناوی پاڵێوراوێك بلاَوبکرێتەوە کە لە کەشفی پاڵێوراوەکان تۆمار نەکرابێ .

**ماددەی هەژدەم :**

پاڵێوراوان لەهەر رێکلامیێکی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێن کە دەنگدەر هەڵبخەڵەتێنێ یان فێڵی لێبکرێت یاشێوازی بریندار کردن یان ناوزڕاندن لە رێکلامی هەڵبژاردندا بەکاربهێنێ .

**ماددەی نۆزدەم :**

خەرج کردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لە ماڵی گشتی یان لە بودجەی وەزارەتەکان یان ماڵی وەقف یان ماڵی پشتگیریی دەرەکی قەدەغەیە.

**ماددی بیستەم :**

یەکەم : بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی پاڵە پەستۆ یان ترساندن یان بەکافردانان یاخود بە خۆفرۆش دانان یان پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتین یان پێدانی دەسکەوتی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان کۆمەڵ یان ڕێکخستن یان کیان یان کەسەکان، یان هەر لایەنێکی تر قەدەغە دەکرێن .

دووەم: هەر حزبێك یان کیانێکی سیاسی کە ملیشیای چەکداری هەبێت، لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا بێبەش دەکرێت.

سێیەم: هەر قەوارەیەکی سیاسی بێبەش دەگرێت لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و ئەژمارکردنی دەنگەکان لە بارێکدا ئەگەر بەهێز یان بە هەڕەشە ناوچەیەکی هەڵبژاردن بۆ خۆی یان لە دژی جگەلە خۆی دا بخات .

**ماددەی بیست یەکەم:**

ریکلامی هەڵبژاردن بەهەمووشێوەیەکیەوە پێش چلو هەشت کاتژمێر لەوادەی کردنەوەی دەرگای دەنگدان قەدەغەیە دەکریَ .

## بەشی شەشەم
## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**مادەی بیست و دووەم:**

هەر کەسێکی بەیاننامەیەك یان وێنە یاخود بلاوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لە دەرەوەی ئەو شوێنانەی بۆی تەرخان کراوە هەڵواسێت بۆ ماوەیەك بەند بکرێت، کەلەمانگێك زیاتر نەبێت .

**ماددەی بیست و سێیەم :**

ئەوەی سەرپێچی حکومی ماددەکانی ( ١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢١ )ی ئەم یاسایە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکریَ کە لە مانگێك کەمتر نەبیَ و لەشەش مانگیش زیاتر نەبیَ و غەرامەیەکیشی لیَ وەدەگیریَ کەلەیەك ملیون دینار کەمتر نەبیَ و لە پێنج ملیون دینار زیاتر نەبیَ .

**ماددەی بیست و چوارەم :**

هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی ئە نجامدا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کەلەشەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە ( ١٠٠,٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و ( ٥٠٠,٠٠٠ ) پێنج سەد هەزاردینار زیاتر نەبێ :

یەکەم : بەئەنقەست ناوێك یان سیفەتی قەڵب لە خشتەی دەنگدەرەکان دابنێت یاخود بە ئەنقەست ناوێك بە پێچەوانەی حکومەکانی ئەم یاسایە دابنێت .

دووەم: هەر کەسێك ناوی خۆی یان ناوی غەیری خۆی بەبێ بوونی مەرجی پێویستی یاسایی تۆمارکرد و ەدەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسیکیش ناوێکی تری دانەنا یاخود لاییدات .

سێیەم: لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی داو دەشیزانی ناوی لەتۆماری هەڵبژاردنەکاندا بەنایاسایی نووسراوە، یاخود مەرجە یاساییە پێویستەکانی لە بەکارهێنانی مافی خۆی لە هەڵبژاردندا لەدەست داوە.

چوارەم: بەئەنەقست دەنگی بەناوی غیری خۆی دا.

پێنجەم: نهێنی دەنگدانی دەنگدەرێکی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بلاّوکردەوە .

شەشەم: مافی خۆی لە هەڵبژاردنێك بۆ زیاتر لە جارێك بەکارهێنا .

حەوتەم: ویستی دەنگدەری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئیشارەتی لەسەر ئەو ڕەمزەدانا کەمەبەستی دەنگدەر نیە یاخود کۆسپی خستە پێش هەر دەنگدەرێك بۆ ئەوەی مافی هەڵبژاردنەکەی بەکارنەهێنێ .

هەشتەم: خۆی لەزیاتر لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لیستێکی هەڵبژاردندا پالاّوت .

نۆیەم: لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا گزی ( تەزویر )ی کرد .

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کەلە مانگێك کەمتر نەبێ و لە ساڵێکیش زیاتر نەبێ.

یەکەم: بەئەنقەست دەست درێژی بۆ سەر پاڵێوراوەکان، یان بۆ سەر بەرنامەکانیان بکات کە لە شوێنی تایبەت هەڵواسراون .

دووەم: خۆ کێشانەوەی پاڵێوراوێك یان زیاتری لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی ئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بەمەبەستی کارتیکردن بێ لەسەر دەنگدەرەکان یاخود گۆڕینی دەنگەکانی پاڵێوراو بۆخۆی.

سێیەم: دەست درێژی کردنە سەر هۆیەکانی ریکلامی هەڵبژاردنی کەبە پێی یاسا ڕێیان پێدراوە بە هەر هۆیەك جا بە کوژاندنەوە یان دڕاندن یان غەیری ئەمانە بێ یاخود هەر ڕەفتارێکی لەم جۆرە بێت .

**ماددەی بیست و شەشەم :**

بۆماویەك بەند دەکرێ کە لە سەڵێك کەمتر نەبێ هەر کەسێك ئەمانەی کرد .

یەکەم: هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنا بۆ نەهێشتنی دەنگدەر لەبەکار هێنانی مافی خۆی یان وای لێ بکات بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یان ڕێگە لە دەنگدانی بگرێ .

دووەم: گەر شتێکی دا یان خستیە ڕوو بەڵێنی دا سوودێك بەدەنگدەر یان غەیری ئەو بدات تاکو بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یاخود وا بکات دەنگ نەدات .

سێیەم: گەر ڕازیبوو یاخود داوای سوودێکی کرد بۆ خۆی یان جگەلەخۆی لەو کەسانەی کە خزمەتێکی گشتییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پێ سپێردراوە .

چوارەم: گەر هەواڵی ناڕاستی لە نێو دەنگدەرەکاندا لەبارەی ڕەوشتی یەکێك لە پاڵێوراوەکان یان لەبارەی ناوبانگییەوە مەبەستی کارتیکردن لە ڕای دەنگدەرەکان لە ئە نجامی هەڵبژاردندا بڵاوکردەوە یا پەخش کرد .

پێنجەم: بەچەکەوە یان ئامێرێکی بریندار کەر چووە ناو ئەو بارەگایەی کە بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخان کراوە بە پێچەوانەی حکومەکانی ئەم یاسایە .

شەشەم: جنێوی دا یان تۆمەتی هەڵبەست یان دەست درێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان یاخود یەکێك لە ئەندامەکانی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

حەوتەم: تێکدانی سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردن .

هەشتەم: بەکارهێنانی دروشمەکانی ئاینی یان شوێنەکانی خوا پەرستن بۆ مەبەستی کاری حزبی یاخود ریکلامی هەڵبژاردن .

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

هەر کەسێك ئەمانە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەساڵێك کەمتر نەبێ و غەرامەیەکشی لێ وەردەگیرێ کە لە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ .

یەکەم: دەستی بەسەر سندوقەکانی دەنگدان یان کاغەزەکانی دەنگدان یان تۆماری دەنگدەراند گرت یان شاردییەوە یان لەناوی برد یان تێکیدان یان دزینی .

**دووەم : لەڕێگای بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەی پابەندی ئازادی هەڵبژاردن یان سیستەمەکەی نەبوو**

**ماددەی بیست و هەشتەم :**

**دەستدانە تاوانەکانی هەڵبژاردنی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە بە سزای تاوانی تەواو دادەنرێ، ئەمەش بەدەرە لە حوکمەکانی بنەما گشتیەکان.**

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

**یەکەم: لە بارێکدا کە بەشداریی کردنی کیانی سیاسی لە هەستان بەهەر تاوانێک لە تاوانەکانی هەڵبژاردن کە دەقی لەم یاسایەدا هاتووە ئیسپات بوو، ئەوا غەرامەیەکی لێ وەردەگیرێ کە ٥٠٠٠٠٠٠ پە نجا ملیون دینارە .**

**دووەم: کیانی سیاسی بێ بەش دەکرێ لەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە لە مەڵبەندی هەڵبژاردنەکە لە بارێکدا ئەگەر یەکێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردنی ئە نجام دا کە دەقی لە بەندەکانی ( یەکەم، پێنجەم " شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، )ی ماددەی ( ٢٦ ) و ماددەی ( ٢٧ ) ی ئەم یاسایەدا هاتوو .**

**سێیەم: هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمی برگەی ( یەکەم ) لە ماددەی ( ٢٠ )ی ئەم یاسایەدا کرد، ئەوا بەند دەکرێت و بەغەرامەیەکیشی لێ وەردەگیری کەلە ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دەملیون دینار کەمتر نەبێت ولە ( ٢٥,٠٠٠,٠٠٠ ) بیست و پێنچ ملیون دیناریش زیاتر نەبێت**

## بەشی حەوتەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددی سی :**

**یەکەم: ئەو تاك و قەوارانەی لە ئاکامی بڕیارەکانی دەستە زەرەر مەند بوون، بۆیات هەیە لە ماوەی ( سێ )ڕۆژدا لە ڕۆژی دوای بڵاو بوونەوەی بڕیارەکە لە دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی هەریمدا ،تانەی لێی بدەن.** (١٢)

**دووەم: دەستە سەیری ئەم ناکۆکییانە و ڕەخنانە دەکات لەماوەی ئامادەکردن و جێبەجێ کردنی ڕێکارەکانی هەڵبژاردندا ڕوویان داوە .**

**سێیەم: دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان –عێراق کە لە سێ دادوەری نا تەرخان پێك دێت، ئەرکی تەماشاکردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە لایەن دەستە یا ن تاك یان قەوارەی زەرەر**

مەندەوە لە ئاکامی بڕیارەکانی دەستە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن، ڕەوانی دەکرێت و بڕیارەکانیشی لێبڕاوانەن و، دادگای پێداچونەوەش ( تمییز )بۆی هەیە دەستەی دیکەی دادوەری بە گوێرەی خواستی کارەکەی پێگ بهێنێت.[١٣]

**ماددەی سی و یەکەم:**

یەکەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران بە راوێژ لەگەڵ دەستە دیاری دەکرێت، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنیشدا بە( ٩٠ )بە نەوەد ڕۆژ بەر لە وادەی دیاری کراو بۆ بەڕێوە چونی، رادەگەیەندرێت.[١٤]

دووەم: دەنگدان بۆ ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان لەیەك ڕۆژدا دەبێت .

سێیەم: لە حالەتی ئەستەم بونی بەڕێوەچونی هەڵبژاردنەکاندا، ئە نجومەنەکان لە بەریوەبردنی کاروباری خۆیان بەردەوام دەبن تا ماوەیەك لە( ٩٠ )لە نەوەد ڕۆژ زیاتر نەبێت لەڕۆژی کۆتایی هاتنی خولەکەوە.[١٥]

**ماددەی سی دووەم:**

یەکەم : پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسەوانی هەرێم ( پێشمەرگە ) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانە و بەندیخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەندی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان دەسن نیشانیان دەکات، بەمەرجێك پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی ئە نجامدانی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت.[١٦]

دووەم :دەنگی تایبەت وئەمانە دەگرێتەوە [١٧]

١/سەربازان لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و ناوخۆ تێکرای دەزگاکانی دیکەی ئەمنی و ،شێوەی دەنگدانیشیان بە گوێرەی ڕێکاری تایبەت دەبێت کە دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنیت وتێدا پشت بەو لیستە فەرمییانە دەبەستێت کە ناو شوێنیان تێدایە و لایەنانی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشکەش کردنی لە ماوەیەکدا کە کەمتر نەبێت لە ( ٦٠ )شەست ڕۆژ بەر لە وادەی بەرێوەچونی هەڵبژاردن وبەگوێرەی ئەوەش ناویان لە تۆماری دەنگدەران دەسڕدرێتەوە ڕۆژی دەنگدانی گشتیش مافی دەنگدانیان نابێت.

٢/بەندی وگیراوو دەستبە سەران بۆ دەنگدانیان پشت بە ریکاریك دەبەستریت کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دای دەنێت و بە گوێرەی ئەو لیستانەی کە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی وناوخۆ لە ماوەیەکدا پێشکەشی دەکەن کەلە( ٣٠ )سیی ڕۆژ کەمتر نەبێت لەڕۆژی دەنگدانەوە .

٣/ئەو نەخوشانەی لە نەخوشخانەوە تیمارخانەکان دیکەدا خەوتوون بە گوێرەی ئەو لیستانە دەبێت کە ئەم لایەنانە پێش دەست کردن بە دەنگدان پێشکەشی دەکەن و بە پێی ئەو ڕێکاریانەش کە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دای دەنێت.

**ماددەی سی و دووەم ( دووبارە ):**

یەکەم: لە ئە نجومەنی پارێزگای دهۆك دوو کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن .

دووەم: لە ئە نجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەگرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پاڵێوراوانی خۆیان کێبڕکێییی لەسەر دەکەن .

سێیەم: لە ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێت بۆ کلدان سریان ئاشووری و پالیوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن .

چوارەم: لە ئە نجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت و پاڵێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن .

پێنچەم: دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پاڵێوراوانی پێکهاتی خۆیان هەڵدەبژێرن .[١٨]

ئەم برگەیە واتە برگەی پێنجەم کاری پێناکرێت لە خولی دوومی هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاکان

**ماددەی سی وسێیەم:**

پێویستە ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی سی و چوارەم:**[١٩]

یەکەم: پۆلیسی خۆجییەتی لە وەزارەتی ناوەخۆ کاری پاراستنی بنکەکانی هەڵبژاردن لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردنەکاندا لە ئەستۆ دەگرێت .

دووەم :هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆو چەکدارن بۆیان نیە بچنە نێو بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لێژنەوە نەبێت .

ماددەی سێیەم : پێویستە لەسەر ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی سی و پێنچەم :**

**کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناگرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ .**

**ماددەی سی و شەشەم:**

**ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێت.**

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان –عیراق**

**١٥/ پۆشپەڕ/٢٧٠٩ ی کوردی**

**١٣/رەجەب/١٤٣٠ ی کۆچی**

**٦/تەمموز/٢٠٠٩ ی زایینیی**

**هۆیە پێویستەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

**بەمەبەستی پتەوکردنی ڕێبازی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان و چەسپاندنی یەکێك لە گرنگترین بنچینەکانی کە ئەویش دەستاو دەستە کردنی ئاشتیانەی دەستەڵاتەو بە مەبەستی ڕێگە رتن لە خەست کردنەوەی دەستەڵاتەکان، لە ڕێگەی دابەش کردنیان لەسەر بنچینەی نامەرکەزی کار گێڕیی، تاکو هاوولاتی بتوانێ ئازادی خۆی و مافەکانی پیادە بکات و لە پێناوی گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆی بەشێوەیەکی باشتر، بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی ئازادانەی شکۆمەندانە بۆی لە ڕێگەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە ئازادو پاك و داد پەروەرییەکان بۆ هەموو پارێزگاو قەزاو ناحیەکان، بۆیە ئەم یاسایە دەرچوووێنرا .**

**پەراوێز:**

**( * ) یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاوناحیەکان بەیاسای ژمارە( ٢١ )ساڵی ٢٠١١هەموارکرا وبەبریاری ژمارە( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم پەسەند کراو ولەژمارە( ١٣٩ )ۆژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتە ،و یاسای ژمارە( ١٦ )یاسای دوومین هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، وەقایعی کوردستان ژمارە ( ١٦٦ )**

( ١ ) به مادده‌ی یه‌كه‌م له یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی شه‌شه‌م بۆ یاساكه زیادكرا و خرایه سه‌ر مادده كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٢ ) به مادده‌ی یه‌كه‌می یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی حه‌وته‌م بۆ یاساكه زیادكرا وخرایه سه‌رمادده‌كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٣ ) به مادده‌ی یه‌كه‌می یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی هه‌شته‌م بۆ یاساكه زیادكراوخرایه سه‌ر مادده كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٤ ) به مادده‌ی یه‌كه‌می یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی نۆیه‌م بۆ یاساكه زیادكرا خرایه سه‌ر مادده كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٥ ) به مادده‌ی دووه‌م له یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی چواره‌م له‌مادده‌ی سیّیه‌م له یاسا كه هه‌مواركرا ده‌قی سه‌ره‌وه شویّنی گرته‌وه( كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٦ ) به مادده‌ی سیّیه‌م له یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م بڕگه واته بڕگه‌ی ( یه‌كه‌م/٤ )له‌مادده‌ی پیّنجه‌م له یاسا هه‌مواركرا ده‌قی سه‌ره‌وه شویّنی گرته‌وه كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٧ ) به مادده‌ی چواره‌م له یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان ) مادده‌ی شه‌شه‌م له‌یاسای ژماره( ٤ )هه‌لوه‌شیّندرایه‌وه ،كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م مادده واته مادده‌ی شه‌شه‌م له یاسا هه‌مواركرا كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه‌شوینی ده‌گریّته‌و.

( ٨ ) به مادده‌ی پیّنجه‌م له یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی هه‌ریّم ڕاستیّندرا ئه‌م مادده واته مادده‌ی حه‌وته‌م بڕگه‌ی یه‌كه‌می له یاسا كه هه‌مواركرا كه‌له‌ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥له‌ژماره ( ١٣٩ ) ڕوژنامه‌ی وه‌قایعی كوردستان بلّاوكراوه‌ته‌وه.

( ٩ ) به مادده‌ی شه‌شه‌می یاسای ژماره ( ٢١ )ی سالّی ٢٠١١( یاسای هه‌مواركردنی یه‌كه‌می یاسای هه‌لّبژاردنی ئه نجومه‌نی پاریزگاو قه‌زاو ناحیه‌كان )مادده هه‌شته‌می یاسای ژماره ( ٤ )هه‌لّدوه‌شیّته‌وه كه به بڕیاری ژماره ( ٣٥ )له‌لایه‌ن سه‌رۆكی

هەرێم ڕاستێندرا ئەم مادده واتە ماددەی هەشتەم لە یاسا هەموارکرا کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامـەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوەجێگای دەگرێتەوە.

( ١٠ ) بە ماددەی حەوتەم لە یاسـای ژمـارە ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠١١( یاسـای هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیـەکان )ماددەی نۆیـەم لەیاسـای ژمـارە( ٤ )هەڵدەوەشـێتەوە کـە بـە بڕیـاری ژمـارە ( ٣٥ )لەلایـەن سـەرۆکی هـەرێم ڕاسـتێندرا ئـەم مـادده واتـە مـاددەی نویـەم لـە یاسـای هـەموارکراو کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوەشوێنی دەگرێتەوە.

( ١١ ) بە ماددەی هەشتەم لە یاسـای ژمـارە ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠١١( یاسـای هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )ماددەی ( ١٠ )لەیاسای ژمارە( ٤ )هەڵدەوەشێتەوە کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاستێندرا ئەم مادده واتە ماددەی دەیەم لە یاسـا ی هـەموارکرا کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە شوێنی دەگرێتەوە.

( ١٢ ) بە ماددەی نۆیەم لەیاسای ژمارە ( ٢١ )ی ساڵی ٢٠١١( یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان ) کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاستێندرا ئەم مادده واتە ماددەی سـێیەم بڕگەی یەکەم لە یاسا هەموارکرا کەلەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٣ ) ) بە ماددەی نۆیەم لـە یاسـای ژمـارە ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠١١( یاسـای هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاسـتێندرا ئـەم مـادده واتـە ماددەی سێیەم بڕگەی سێیەم لە یاسا هەموارکرا کەلەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامـەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٤ ) بە ماددەی دەیەم لـە یاسـای ژمـارە ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠١١( یاسـای هـەموارکردنی یەکـەمی ) یاسـای هەڵبـژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاسـتێندرا ئـەم مـادده واتـە ماددەی سیی و یەکەم بڕگـەی یەکـەم لـە یاسـاهەموارکرا کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامـەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٥ ) بە ماددەی دەیەم لە یاسای ژمارە ( ٢١ )ی ساڵی ٢٠١١( یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاستێندرا ئەم مادده واتە مـاددەی سـیی و یەکـەم بڕگـەی سـێیەم لـە یاسـا هـەموارکرا کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامـەی وەقـایعی کوردسـتان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٦ ) بە ماددەی یازدەم لـە یاسـای ژمـارە ( ٢١ )ی سـاڵی ٢٠١١( یاسـای هـەموارکردنی یەکـەمی یاسـای هەڵبـژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاسـتێندرا ئـەم مـادده واتـە ماددەی سیی ودووەم بنچەی ماددەکە بوبە بڕگەی یەکـەم لـە یاسـا هـەموارکرا کەلـەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لـەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقـایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٧ ) بە ماددەی یازدەم لــە یاســای ژمــارە ( ٢١ )ی ســاڵی ٢٠١١( یاســای هــەموارکردنی یەکــەمی یاســای هەڵبــژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاســتێندرا ئــەم مــاددە واتــە ماددەی سیی ودووەم بڕگەی دووەم ( ٣،٢،١ )لە یاسا هەموارکرازیادکران بۆسەر ماددەکــە کەلــەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لــەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.

( ١٨ ) بڕگەی ( پێنجەم )لــە مــاددەی ( ٣٢ ) لــە خــولی دووەم کــاری پێناکرێــت بــە پیــێ دەقــی مــاددەی ( ١ )ی یاســای ژمارە( ١٦ )یاسای دوومین هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکراو ، وەقایعی کوردستان ژمارە ( ١٦٦ )
( ١٩ ) بە ماددەی دوازدەم لە یاســای ژمــارە ( ٢١ )ی ســاڵی ٢٠١١( یاســای هــەموارکردنی یەکــەمی یاســای هەڵبــژاردنی ئە نجومەنی پاریزگاو قەزاو ناحیەکان )کە بە بڕیاری ژمارە ( ٣٥ )لەلایەن سەرۆکی هەرێم ڕاستێندرا ئەم ماددە لە یاسا ی هەموارکراو زیادکرا کەلەڕۆژی ٢٠١١/١٢/١٥لەژمارە ( ١٣٩ ) ڕوژنامەی وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتــەوە.وە بــە دەقــی ماددەی ( دووەم )ی یاسای ژمارە( ١٦ )ی ساڵی ٢٠١٣یاسای دووەمین هەموارکردنی یاسای ژمارە( ٤ )ی ساڵی ٢٠٠٩ی هەموارکرا وە دەقی ئاماژە بۆکراو دەخوێندرێتەوە .
تێبینی ١/ ئەم یاسایە ( یاسای هەڵبــژاردنی ئە نجومــەنی پارێزگــاو قــەزاو ناحیەکان )بــەبریاری ژمــارە ١٨ی ســاڵی ٢٠٠٩لەلایەن سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچوێنرا ولە٢٠٠٩/٧/١٣لەژمارە( ١٠٢ )وەقایعی کوردستان بڵاوکراوەتەوە.
تێبینی ٢/ئەم یاساییە ( یاسای یەکەمی هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاو قــەزاو ناحیــەکان )بۆ جاری یەکەم هەموار کرا بەیاسای ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ٢٠١١وەبەبریاری ژمارە ( ٣٥ )لە لایەن ســەرۆکی هــەرێمی کوردســتان دەرچوێنراولە ڕۆژنامەی وقایعی کوردستان لە ژمارە ( ١٣٩ ) ٢٠١١/١٢/١٥بڵاوکراوەتەوە.

**پاشكۆی یەكەم دەقی ( یاسای ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای دووەمین هەمواركردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستانی – عێراق ژمارە( ٤ )ی ساڵی٢٠٠٩**

**یاسای ژمارە ( ١٦ ) ی ساڵی ٢٠١٣ یاسای هەمواری یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان ی ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٩**

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**

**هەرێمی كوردستان _عێراق**

**سەرۆكایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە( ٢٠ )ساڵی ٢٠١٣**

**بە پێی ئەودەسەڵاتەی لە بڕگەی ( ١ )ی ماددەی( ١٠ ) یاسای سەرۆكایەتی هەرێمی كوردستان-عێراق ژمارە( ١ )ساڵی ی( ٢٠٠٥ ) هەموار كراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساكارییە پەرلەمانی كوردستان- عێراق كردویەتی لە دانیشتنی ژمارە( ٣٣ )لە٢٠١٣/٦/١٩وبریارماندا بەدەركردنی :**

**یاسای ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠١٣**

**یاسای هەمواری دووەمین یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەكانی پارێزگاكان و قەزاو ناحیەكانی لە هەرێمی ژمارە( ٤ )ی ساڵی٢٠٠٩ ی هەمواركراولە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی یەكەم :**

**ڕاگرتنی پیادەكردنی بڕگەی ( پێنجەم ) ی ماددەی سی و دووەم ( دووبارە ) ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان لە هەرێمی كوردستان – عێراق ی ژمارە( ٤ ) ی ساڵی ٢٠٠٩ ، لە هەڵبژاردنی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەكان لە هەرێمدا .**

**ماددەی دووەم :**

**ماددەی ( دوازدەم ) ی هەموارکراو بە یاسای ژمارە ( ٢١ ) ی ساڵی ٢٠١١ ، هەموارکراو دەکرێت و بەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :**

**یەکەم : پۆلیسی خۆجییەتی لە وەزارەتی ناوەخۆی کاری پاراستنی بنکەکانی هەڵبژاردن لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا لە ئەستۆ دەگرێت .**

**دووەم : هێزەکانی ئاسایشی ناوەخۆ و چەکداران بۆ یان نیە بچنە بنکەکانی هەڵبژاردن تەنها لەسەر داواکاری سەرۆکی لیژنەوە نەبێت .**

**ماددەی سێیەم :**

**پێویستە لەسەر ئەنجوومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن**

**ماددەی چوارەم :**

**ئەم یاسایە لە رێکەوتی دەرچوواندنی جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی کوردستان ) دا بڵاودەکرێتەوە .**

**مەسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**

**٢٠١٣/٧/٣**

**هۆیە پێویستکارەکان**

**بۆ ئاسانکردنی ئه نجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئه نجومەنەکانی پارێزگاکان لە کاتی خویدا بە شێوەیەکی دروست ، ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا .**

**لە ژمارە ( ١٦٦ ) وەقایعی کوردستان بلأوکراوەتەوە لە ٢٠١٣/٧/١١**

************************************************************

**پاشکۆی دووەم :**

**( دەقی یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئه نجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان )**

**بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان**

**هەرێمی کوردستان _عێراق**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە( ٣٥ )ساڵی ٢٠١١**

**بە پێی ئەودەسەڵاتەی لە بڕگەی ( ١ )ی ماددەی( ١٠ ) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە( ١ )ساڵی ی( ٢٠٠٥ ) هەموار کراو پێمان دراوە ،بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییە پەرلەمانی کوردستان-عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە( ١١ )لە١/١١/وبریارماندا بەدەرکردنی:**

**یاسای ژمارە ( ٢١ ) ساڵی ٢٠١١**

**یاسای یەکەمین هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق ژمارە( ٤ )ی ساڵی٢٠٠٩**

**ماددەی یەکەم:**

**ئەم بڕگانە( شەشەم ،حەوتەم ،هەشتەم ،نۆیەم )دەخرێنە سەرماددەی( یەکەم ) لەیاسایەکە وبەم جۆرەی دادێت:**

**شەشەم: لیستی نیمچەکراوە:لیستێکە ناوی کاندیدەکانی هەڵبژاردنی تێدایە ،دەنگدەر بۆی هەیە دەنگ بە لیستەکەو یەکێك لە کاندیدەکان یان تەنها بەلیستەکەبدات .**

**حەوتەم: لیستی تاك:ئەولیستەیە کە بەگوێرەی ئەوتاکێك خۆی بۆ هەڵبژاردن کاندید دەکات بەمەرجێ لای دەستە ناوی تۆمار کرابێت .**

**هەشتەم: تۆماری بەرای دەنگدەران:ئەو تۆمارەیە کەناو داتای دەنگدەرانی تێدایە،لەلایەن دەستەوە ئامادە دەکرێت و بڵاو دەکرێتەوە بۆ بینینی وپێشکەش کردنی تانە لەبارەیەوە.**

**نۆیەم: تۆماری کۆتای دەنگدەران:تۆماریکە بۆ ناو داتای دەنگدەران قابیلی تانە لێدان نیە کەلە پاش کۆتایی هاتنی ماوەی پەڵپ گرتن ،بڵاودەکرێتەوە.**

**ماددەی دووەم:**

**بڕگە ( چوارەم )لەماددەی سێیەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت و بەم جۆرەی دادێت دەخوێندرێتەوە:**

**چوارەم: تەنها لەتۆماری دەنگدەرانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنەکەی تێدا دەکرێت تۆمار کرابێت بەگوێرەی حکومەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی کەلە دەستەوە دەردەچن .**

**ماددەی سێەم:**

**بڕگەی( یەکەم/٤ )لەماددەی پێنجەمی یاساکەهەمواردەکرێت بەم جۆرەی دادێت دەخوێندرێتەوە:**

**٤-ڕۆڵەی یەکە ئیدارییەکەبێت ولەتۆماری دەنگدەرانی نێو بازنەی هەڵبژاردنیشدا تۆمار کرابێت .**

**ماددەی چوارەم:**

**ماددەی شەشەم لەیاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە وئەمەی دادێت جێی دەگرێتەوە:**

**ماددەی شەشەم :لە هەڵبژاردنی ئە نجومەنی پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی بەگوێرەی لیستی نیمچەکراه پەیرەو دەکرێت.**

**ماددەی پێنجەم:**

**بڕگەی( یەکەم )لەماددەی حەوتەمی یاسایەکە هەموار دەکرێت وبەم شێوەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:**

**یەکەم: دەکرێت خۆ کاندید بکرێت بۆ لیستەکانی بەشدار لە هەڵبژاردن بە چەشنێك ژمارەی کاندیدەکان لە دوو هێندەی ژمارەی ئەو کورسیانەی بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخان کراون زیاتر نەبن .**

**ماددەی شەشەم:**

**ماددەی ( هەشتەم )لەیاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی دادێت جێیٚ دەگرێتەوە:**

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم: دەنگەراستەکانی بازنەی هەڵبژاردن کۆ دەکرێنەوە و دابەشی سەر ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو بازنەیە دەکرێن بۆ بەدەست هێنانی دابەشی هەڵبژاردن.**

**دووەم: ئەو دەنگە ڕاستانەی کەلیست لە بازنەی هەڵبژاردن بەدەستی هێناوە کۆدەکرێنەو بەسەر دابەشی هەڵبژاردندا دابەش دەکرێن بۆ دیاری کردنی ژمارەی کورسیی تەرخان کراو بۆ ئەو لیستە.**

**سێیەم: ریز بەندی کاندیدەکانی لیست لەسەر بنەمای ژمارەی ئەو دەنگانەی هەر کاندیدێك بەدەستی هێناون رێك دەخرێتەوەو، ئەو کاندیدەی زۆرترین ژمارەی دەنگی بەدەست هێناوە لە پێشەوە دادەنێدرێت و بەم جۆرە تا کۆتای لیستەکە، بەمەرجێك لە نێو هەرسێ کاندیدی لیستەکەدا ژنێك/ئافرتێك دابندرێت، بە چاو پۆشین لە ژمارەی دەنگی کاندیدانی پیاو بۆ مسۆگەر کردنی بەدی هێنانی نوێنەرایەتی کردنی ئافرەتان بە رێژەیەك لە ٣٠٪کەمتر نەبێت لە کورسیەکانی یەك بازنەی هەڵبژاردندا.**

**ماددەی حەوتەم:**

**ماددەی ( نۆیەم )لەیاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی دادێت جێیٚ دەگرێتەوە:**

**ماددەی نۆیەم :**

**یەکەم: ئەودەنگانەی لیست بەدەستیان دەهێنێت بەسەر کاندیدانی لیستدا دابەش دەکرێن کە لە برگـە کانی ( یەکەم و دووەم )لەماددەی ( هەشتەم )ی سەرەوەی یاساکەدا هاتووە .**

**دووەم: مەرجە بۆ گەیشتنی لیستی تاك بە کورسیەك بەلای کەمەوە بگاتە دابەشی هەڵبژاردن .**

**سێیەم: کورسی بەتاڵ لەکاتی هەبونیدا بەسەر لیستەکانی بەشداردا دابـەش دەکـرێن بـە پـەیرەو کردنی ماوەی هەرە بە هێز.**

**چوارەم: لەکاتی یەکسان بوونی ژمارەی دەنگی کاندیدانی سەرکەوتو لە یەك لیستدا ، پـەنا بـۆ تـیرو پشك دەبردرێت بە مەرجێك کار لە رێژەی نوینەرایەتی ژنان/ئافرەتان نەکات.**

**ماددەی هەشتەم: ماددەی ( دەیەم )لەیاسایەکە هەڵدەوەشێتەوە ئەمەی دادێت جێیٚ دەگرێتەوە:**

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم: ئەگەر ئەندامی ئە نجومەن لەبەر هەر هۆیەك کورسیەکەی خوی لەدەست دا کاندیـدی دوای ئـەو لە رووی ژمارەی ئەو دەنگانەی لە نێو لیستەکە یدا بەدەستی هێناون، جێی دەگرێتەوە .**

**دووەم: ئەگەر کورسیی بەتاڵ تایبەت بوو بە لیستێك کە کاندیدی نـەمابوو یـان هـی لیسـتێکی تـاك بوو، کورسیەکە بۆ کاندیدێکی دی لە لیستێکی دیکەدا تەرخان دەکرێت، بە پێرەو کردنی ماوەی هەرە بـە هێز و بە پێچەوانەشەوە کورسیەکە بە بەتاڵی دەمینێتەوە.**

**ماددەی نۆیەم:**

**هەردوو برگەی ( یەکەم و سێیەم ) لە ماددەی( سییەم )لە یاسایەکە هەمواردەکرێن بـەم شـێوەی خـوارەوە دەخویندرێنەوە:**

**ماددەی سییەم:**

**یەکەم: ئەو تاك و قەوارانەی لە ئاکامی برپارەکانی دەستە زەرەر مەند بوون، بۆیات هەیـە لـە مـاوەی ( سێ ) رۆژدا لە رۆژی دوای بڵاو بوونەوەی برپارەکە لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەریمدا، تانەی لێی بدەن.**

**سێیەم: دەستەیەك لە دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان – عێراق کە لە سێ دادوەری نا تەرخان پێـك دێت، ئەرکی تەماشاکردنی ئەو تانانە دەگرێتە ئەستۆ کە لە لایەن دەستە یا ن تاك یان قـەوارەی زەرەر مەندەوە لە ئاکامی برپارەکانی دەستە لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردن، رەوانـی دەکرێـت و برپارەکانیشـی لێبراوانەن و، دادگای پێداچونەوەش ( تمییز )بۆی هەیە دەستەی دیکـەی دادوەری بـە گـوێرەی خواسـتی کارەکەی پێگ بهێنێت.**

**ماددەی دەیەم:**

**هەردوو بڕگەی ( یەکەم و سێیەم ) لە ماددەی( سی ویەکەم ) لـە یاسـایەکە هـەمواردەکرێن بـەم شـێوەی خوارەوە دەخویندرێنەوە:**

**یەکەم: وادەی هەڵبژاردن بە بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بە راوێژ لەگەڵ دەسـتە دیـاری دەکرێت، لە دەزگا هەمەجۆرەکانی ڕاگەیاندنیشدا بە( ٩٠ )بە نەوەد ڕۆژ بەر لە وادەی دیاری کراو بۆ بەرێوە چونی، رادەگەیەندرێت.**

**سێیەم: لە حالەتی ئەستەم بـونی بەرێوەچـونی هەڵبژاردنەکاندا، ئەنجومەنـەکان لـە بـەریوەبردنی کاروبـاری خۆیان بەردەوام دەبن تـا ماوەیەك لە( ٩٠ )لە نەوەد ڕۆژ زیاتر نەبێت لـەڕۆژی کۆتـایی هـاتنی خولەکەوە.**

**ماددەی یازدەم:**

**بنەچـەی ماددەی( سـی ودووەم )لـە یاسـایەکە دەبێتـە بڕگـەی ( یەکەم )وبڕگەیـەکی دیکەشـی بەریزبەندی( دووەم/١،٢،٣ )دەخرێتە سەروو بەم جۆرەی دادێ:**

**یەکەم : پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆو پاسـەوانی هـەرێم ( پێشـمەرگە ) و سوپاو کارمەندانی نەخۆشخانە و بەندیخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەنـدی دەنگـدانی تـایبەتی بەرێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان دەسـن نیشـانیان دەکات، بەمەرجێك پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت.**

**دووەم: دەنگی تـایبەت وئەمانە دەگرێتەوە :**

**١/سەربـازان لە کارمەندانی وەزارەتی پێشمەرگە و نـاوخۆ تێکرای دەزگاکانی دیکەی ئەمنی و، شێوەی دەنگدانیشیان بە گوێرەی رێکاری تـایبەت دەبێت کە دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان دایدەنێت وتێدا پشت بەو لیستە فەرمییانە دەبەستێت کە نـاو شوێنیان تێدایە و لایەنانی سەرەوەش پەیوەست دەبن بە پێشکەش کردنی لە ماوەیەکدا کە کەمتر نەبێت لە ( ٦٠ )شەست ڕۆژ بەر لە وادەی بەرێوەچونی هەڵبژاردن وبەگوێرەی ئەوەش نـاویان لە تۆماری دەنگدەران دەسڕدرێتەوە ڕۆژی دەنگدانی گشتیش مافی دەنگدانیان نـابێت.**

٢/بەندی وگیراوو دەستبە سەران بۆ دەنگدانیان پشت بە ڕێکاریك دەبەسترێت كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دای دەنێت و بە گوێرەی ئەو لیستانەی كە وەزارەتی كاروباری كۆمەلایەتی وناوخۆ لە ماوەیەكدا پێشكەشی دەكەن كەلە( ٣٠ )سیی ڕۆژ كەمتر نەبێت لەڕۆژی دەنگدانەوە .

٣/ئەونەخوشانەی لە نەخوشخانەوە تیمارخانەكان دیكەدا خەوتوون بە گوێرەی ئەو لیستانە دەبێت كە ئەم لایەنانە پێش دەست كردن بە دەنگدان پێشكەشی دەكەن و بە پێی ئەو ڕێكاریانەش كە دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەكان دای دەنێت.

ماددەی دوازدەم : لەكاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا هێزەكانی ئاسایشی ناوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆدا ئەركی پاراستنی بنكەكانی دەنگدان دەگرنە ئەستۆ.

ماددەی سێزدەم :

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یان بڕیارێك ناگرێ گەر لەگەڵ حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكۆك بێ .

ماددەی چواردەم :

دەبێ ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەكان حوكمەكانی ئەم یاسایە جێبەجێ بكەن .

ماددەی پازدەم :

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقایعی كوردستان )دا جێبەجێ دەكرێت .

مسعودبارزانی

سەرۆكی هەرێمی كوردستان-عێراق

هەولێر

٣٠/تشرینی دووەم/٢٠١١ی زاینی

٩/سەرماوەز/٢٧١١یكوردی

٤/ محرم/١٤٣٣كۆچی

هۆیەكانی دەرچوونی

لە پێناوچەسپاندن وجێگیر كردنی هەڵبژاردنی ئازادودیموكراتانە لە هەرێمی كوردستان-عێراقداو، لە پێناو دەستاودەست كردنی ئاشتیانەی دەسەڵات وڕێ خۆش كردن بۆ هاووڵاتی كە لە ژیانی ئازادانە بەهرەمەند بێت لە ڕێی هەڵبژاردنی ئازادو داد پەروەرانە ،بە مەبەستی بەرزكردنەوەی ئاستی ویستراو بە گوێرەی پێوەری پەیرەوكراو و خواستەكانی میللەتەوە ،ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**پاشکۆی سێیەم (دەقی یاسای یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەل**

**سەرۆکایەتی هەرێم**

**سەرۆک**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە( ١٨ )ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسایژمارە( ٤ )ساڵی٢٠٠٩ی**

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق**

**بە پێی خاڵی( ٢ )ی برگەی ( یەکەم )ی ماددەی( ١٠ ) یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە( ١ )ساڵی ( ٢٠٠٥ )ی هەموار کراو وبە پاڵپشتی ئەو یاساکارییە ی پەرلەمانی کوردستان-عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە( ٢٠ )لە٢٠٠٩/٦/٢٢و دوای بە هەند وەرگرتنی پێشنیارەکەمان کە لەبڕیاری ژمارە ( ١٢ )ساڵی ٢٠٠٩لە٢٠٠٩/٦/٢ماندا هاتبوبڕیارماندا بەدەرکردنی :**

**یاسای ژمارە (٤) ساڵی ٢٠٠٩**

**یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان لە هەرێمی کوردستانی – عێراق**

**بەشی یەکەم**

**پێناسەو ئامانجەکان**

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەم زاراوانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە .

**یەکەم: هەرێم: هەرێمی کوردستان –عێراق**

دووەم: دەستە :دەستەی بالای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان و ڕا پرسی لەکوردستان دا.

**سێیەم: ئەنجومەنەکان :ئەنجومەنەکانی پارێزگاکان و ئەنجومەنە خۆجێییەکانی قەزا و ناحیەکان .**

**چوارەم : بازنەی هەڵبژاردن : هەموو ناوچەیەکی دیاری کراو کە ژمارەیەك کورسیان بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە بۆ تەرخان کراوە .**

**پێنجەم: مەڵبەندی هەڵبژاردن: ئەو شوێنەیە کە دەستە لەناو بازنەی هەڵبژاردنەکاندا بۆ ئەنجام دانی پرۆسەی دەنگدان تێدا دەست نیشانی دەکات .**

**ماددەی دووەم:**

**کۆمسیۆنی بالای سەربەخۆ بۆ هەڵبژاردنەکان سەرپەرشتی هەموو قۆناغ و ڕێکارەکانی هەڵبژاردنی ئەنجومەنەکانی لە هەرێم دا دەکات تاوەکو ئەو کاتەی دەستەکە دادەمەزرێت .**

**بەشی دووەم**

**مافی هەڵبژاردن**

**ماددەی سێیەم :**

**مەرجە دەنگدەر ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی .**

**یەکەم : بەرەگەزنامە عێراقی بێت .**

**دووەم : شیاوی تەواوی هەبێت .**

**سێیەم: هەژدە سالی لە تەمەنی تەواو کردبێت .**

**چوارەم: ناوی لە تۆماری دەنگدەرەکانی ئەو پارێزگایەی کە هەڵبژاردنی لێدەکرێ تۆمار کرابێت " بە پێی حکومەکانی ئەم یاسایە و ئەو ڕێنماییانەی کەلە دەستەوە دەردەچن .**

**ماددەی چوارەم:**

**یەکەم: هەڵبژاردن مافی هەموو هاولاتیەکە کە ئەو مەرجانەی لێ بێتە دی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە .**

**دووەم: هەر دەنگدەرێك مافی خۆی لە دەنگدان بە شێوە یەکی ئازادانە و ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و بە تاکەکەسی بەکاردەهێنێ .**

**سێیەم: دەنگدان لە ڕێگەی بریکارەوە نابێت .**

**چوارەم:** دەنگدەر یەك هەڵبژاردن دا و نابێت زیاتر لە جارێك دەنگ بدات .

## بەشی سێیەم
## مافی خۆ پاوڵاوتن

**ماددەی پێنجەم:**

**یەکەم:** ئەوەی خۆی بۆ ئەندامیەتی ئە نجومەنەکان دە پاڵێوێت دەبێت ئەم مەرجانەی لێ بێتە دی .

١-دەبێت عیراقی بێت و شیاویی تەواوی هەبێت و تەمەنی گەیشتبێتە٢٥ساڵ لەکاتی خۆ پاڵاوتنی دا .

٢- دەبێت پاڵێوراوانی ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان و ئە نجومەنەکانی قەزاکان بەلایەنی کەم بڕوانامەی ئامادەیی یان هاوتاکەیان هەبێ و پاڵێوراوانی ئە نجومەن خۆجێییەکانی ناحیەکانیش بڕوانامەی بنەڕەتی یان هاوتاکەیان هەبێ .

٣- دەبێت ژیاننامە و ناوبانگ و ڕەوشتی باش بن وبە تاوانێك یان کەتنێکی ئابڕوبەر حکوم نەدرابێت .

٤- دەبێ لە ڕۆڵەکانی یەکە کارگێڕیەکە بێت بە پێی تۆماری باری شارستانی یان بە شێوەیەکی بەردەوام لێی نیشەجێ بێت بۆ ماوەیەك لە ١٠ ساڵ کەمتر نەبێت، بەمەرجێ نیشەجێ بوونەکەشی بۆ مەبەستی گۆڕینی دیمۆگرافی نەبێت .

٥-نابێت لە کاتی خۆپاڵاوتنیدا لە کەسەکانی هێزی چەکدار یان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بێت .

٦- نابێت بەشداری لەو تاوانانەدا کردبێت کە ڕژێمی بەعس نەخشەی بۆ کێشابێت یا جێبەجێی کردبێت .

**دووەم:** پاڵێوراوەکان لەلایەن دەستەوە پەسەند دەکرێن.

**ماددەی شەشەم :**

سیستەمی لیستی داخراو بۆ هەڵبژاردنەکانی ئە نجومەنی پارێزگاکان و قەزاو ناحیەکان پیادە دەکرێ .

**ماددەی حەوتەم :**

**یەکەم:** نابێ ژمارەی پاڵێوراوانی لیستێك لە سێ کەمتر بێت و لەژمارەی ئەو کورسیانەش زیاتر نەبێ کە بۆ بازنەی هەڵبژاردن تەرخانکراوە .

**دووەم:** لیستی پاڵێوراوەکان بەجۆرێك ڕێك دەخرێ کە ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرت ٣٠٪ ئەنداماٰن کەمتر نەبێ .

**ماددەی هەشتەم:**

**یەکەم:** دابەشکردنی کورسیە تەرخانکراوەکان بۆ بازنەکانی هەڵبژاردن لە ڕێگەی سیستەمی نوێنەرایەتی ڕێژەییەوە دەبێت .

**دووەم:** ئەو کورسیانەی کە لیستێك دەیانباتەوە بەسەر پاڵێوراوەکان دا دابەش دەکرێ بەگوێرەی ئەو ناوانەی تیایدا هاتووە و نابێت هیچ کیانێك کورسی تەرخان کراو بۆ پاڵێوراوی سەرکەوتوو لەهەر کاتێك دا بێت بکێشێتەوە .

**ماددەی نۆیەم :**

**یەکەم:** ژمارەی دەنگە ڕاستەکان لە بازنەی هەڵبژاردن بەسەر ئەو کورسیاندا دابەش دەکرێن کە بۆ ئەو بازنەیە تەرخانکراون بۆ چنگ کەوتنی دابەشکاری هەڵبژاردن .

**دووەم:** دەنگە ڕاستەکانی کە لیستەکە لە لەبازنەی هەڵبژاردن چنگی کەوتوون کۆ دەکرێنەوەو دابەشی دابەشکاری هەڵبژاردن دەکرێت بۆ دەستنیشان کردنی ژمارەی ئەو کورسیانەی کە بۆ ئەو لیستە تەرخانکراوە .

**سێیەم:** ئەو کورسیانەی دەمێننەوە بە پێی مایەوەی بەهێزتر دابەش دەکرێن بە ڕێژەی ئەو کورسیانەی کە چنگی کەوتوون .

**ماددەی دەیەم:**

**یەکەم:** ئەگەر ئەندامی ئە نجومەن بەهەر هۆیەك کورسیەکەی لە دەستدا ئەوا پاڵێواوی دوای ئەو لە لیستەکە بە پێی ئەو زنجیرەی تێدا هاتوو جێی دەگرێتەوە، ئەوەش بۆ لیستە ناهاو پە یمانەکانە .

**دووەم:** ئەگەر ئەندامی ئە نجومەن بەهەر هۆیەك کورسیەکەی لە دەستدا و لەناو لیستی هاو پە یمانیدابوو، ئەوا پاڵێوراوی دوای ئەو لەهەمان کیانی سیاسی هاو پە یمان لەناو لیستی هەڵبژاردنی هاو پە یماندا جێیی دەگرێتەوە .

**سێیەم:** ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە تایبەت بە لیستێك بوو پاڵێوراوی نەمابوو، ئەوا ئەو کورسیە بۆ پاڵێوراوێکی تر لە کیانێکی سیاسی دیکە تەرخان دەکرێ کە ڕادەی نزمی لە دەنگەکانی پێویست بۆ وەدەست هێنانی کورسی بەدەست هێنابێ و پێچەوانەی ئەمەش کورسیەکەی بە بەتاڵی دەمێنێتەوە .

**چوارەم:** ئەگەر کورسیە بەتاڵەکە و تایبەت بوو بە ئافرت، مەرج نیە ئافرەتێکی تر جێگەی بگرێتەوە، مەگەر ئەمە کاربکاتە سەر ڕێژەی نوێنەرایەتی ئافرت .

## بەشی چوارەم

## بازنەکانی هەڵبژاردن

**ماددەی یازدەم:**

هەر دەنگدەرێك مافی هەڵبژاردنی خۆی بە خۆی لەو بازنەی هەڵبژاردنەدا پیادە دەكات كە ناوی لە تۆماری دەنگدەراندا تۆمار كراوە .

**ماددەی دوازدەم:**

**یەكەم:** هەر پارێزگایەك بە پێی سنووری كارگێڕی فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەكی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنی پارێزگاكاندا .

دووەم: هەر قەزاو ناحیەیەك بە پێی سنووری كارگێڕی، فەرمی خۆی دەبێتە بازنەیەكی هەڵبژاردن لە هەڵبژاردنەكانی ئەنجومەنە خۆجێییەكانی قەزاو ناحیەكاندا .

## بەشی پێنجەم
## ریكلامی هەڵبژاردن

**ماددەی سێزدەم:**

ریكلامی هەڵبژاردن لەهەموو رەسمێك دەبووردرێ .

**ماددەی چوارەم:**

**یەكەم:** دەستە ئەو شوێنانە دەستنیشان دەكات كە نابێ ریكلامی هەڵبژاردنی و هەڵواسی جاڕنامەی هەڵبژاردنی تێدا بكرێ بە درێژی ئەو ماوەیەی كە رێ بە ریكلامی هەڵبژاردن دەدرێ و بڵاوكردنەوەی هەر راگەیاندنێك یا بەرنامەیەك یان وێنەی پاڵێوراوەكان لە مەڵبەندەكانی دەنگدان قەدەغەیە .

**دووەم:** پێویستە لەسەر كیانە سیاسیە بەشداربووەكان لە هەڵبژاردنەكاندا هەڵواسراوی ریكلامی هەڵبژاردن هەڵگرن ئەمەش بە پێی رێنماییانە دەبێت كە دەستە دەری دەچوێنی .

**ماددەی پازدەم:**

بەكارهێنانی ئەو تەلارانەی كە وەزارەتەكان و فەرمانگەكانی هەرێم و هەموو شوێنەكانی كارو و فرمان بۆ كاركردنی حیزبی و ریكلامی هەڵبژاردن قەدەغە دەكرێ .

**ماددەی شازدەم:**

نابێ فەرمانبەرانی فەرمانگەكانی هەرێم و دەستەڵا خۆ جییەكان دەستەڵاتی فەرمانبەریەتییان یاخود دەرامەتی هەرێم یان هۆیەكانی یاخود دەزگاكانی بۆ بەرژەوەندی خۆیان یان بۆ هەر پاڵێوراوێك

بەکاربێنن، بە دەزگاکانی ئاسایشی ناوخۆو و سەربازیشەوە ریکلامی هەڵبژاردن یان کارتیکردن لە دەنگدەرەکان .

**ماددەی حەڤدەم :**

**یەکەم:** نابێ هیچ پاڵێوراوێك لە رۆژی دەنگداندا بەرنامەی کاریا یاخود بلاوکراوە یان پلیت یان غەیری ئەمانە لە بەڵگەنامە بەخۆی یان بەهۆی غەیری خۆی بلاوبکاتەوە .

**دووەم:** نابێ هیچ کارمەندێك لە فەرمانگەکانی هەرێم یاخود ئەندامانی دەستەلاتە خۆ جیییەکان، لە رۆژی دەنگدان دا بەرنامەی کار بەخۆی یان بەهۆی غەیری خۆی بلاوبکاتەوە .

**سێیەم:** نابێ جارنامە یان دابەش کردنی بەرنامەی کار یان بلاوکراوە یان پلیت بەناوی پاڵێوراوێك بلاوبکرێتەوە کە لە کەشفی پاڵێوراوەکان تۆمار نەکرابێ .

**ماددەی هەژدەم:**

. پاڵێوراوان لەهەر رێکلامێکی هەڵبژاردن قەدەغە دەکرێن کە دەنگدەر هەڵبخەڵەتێنێ یان فێڵی لێ شێوازی بریندار کردن یان ناوزراندن لە رێکلامی هەڵبژاردندا بەکاربهێنێ .

**ماددەی نۆزدەم :**

خەرج کردنی پارە بۆ ریکلامی هەڵبژاردن لە ماڵی گشتی یان لە بودجەی وەزارەتەکان یان ماڵی وەقف یان ماڵی پشتگیریی دەرەکی قەدەغەیە.

**ماددی بیستەم :**

**یەکەم :** بەکارهێنانی هەر شێوەیەك لە شێوەکانی پاڵە پەستۆ یان ترساندن یان بەکافردانان یاخود بە خائین دانان یان پیشاندانی شتی هەڵخەڵەتین یان پێدانی دەسکەوتی ماددی یان مەعنەوی یان بەڵێن پێدان لەلایەن هەر حزب یان کۆمەڵ یان رێکخستن یان کیان یان کەسەکان، یان هەر لایەنێکیتر قەدەغە دەکرێن .

**دووەم:** هەر حزبێك یان کیانێکی سیاسی کە ملیشیای چەکداری هەبێت، لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا بێبەش دەکرێت.

**سێیەم:** هەر کیانێکی سیاسی بێبەش دەگرێت لە بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکان و حسێب کردنی دەنگەکان لە بارێکدا ئەگەر بەهێز یان بە هەڕەشە ناوچەیەکی هەڵبژاردن بۆ خۆی یان لە دژی غەیری خۆی دا بخات .

**ماددەی بیست و یەکەم:**

ریکلامی هەڵبژاردن بەهەمووشێوەیەکیەوە پێش چلو هەشت کاتژمێر لەوادەی کردنەوەی دەرگای دەنگدان قەدەغەیە دەکرێ .

## بەشی شەشەم
## تاوانەکانی هەڵبژاردن

**مادەی بیست و دووەم:**

هەر کەسێکی بەیاننامەیەك یان وێنە یاخود بلاْوکراوەی هەڵبژاردنی تایبەت لە دەرەوەی ئەو شوێنانەی بۆی تەرخان کراوە هەڵواسێت بۆ ماوەیەك بەند بکرێت، کەلەمانگێك زیاتر نەبێت .

**ماددەی بیست و سێیەم :**

ئەوەی سەرپێچی حکومی ماددەکانی (١٥-١٦-١٧-١٨-١٩-٢١ )ی ئەم یاسایە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لە مانگێك کەمتر نەبێ و لەشەش مانگیش زیاتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەدەگیرێ کەلەیەك ملیون دینار کەمتر نەبێ و لە پێنج ملیون دینار زیاتر نەبێ .

**ماددەی بیست و چوارەم :**

هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوەی ئە نجامدا بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کەلەشەش مانگ کەمتر نەبێ و غەرامەیەکیشی لێ وەردەگیرێ کە (١٠٠،٠٠٠ ) سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و (٥٠٠،٠٠٠ ) پێنج سەد هەزاردینار زیاتر نەبێ :

**یەکەم :** بەئەنقەست ناوێك یان ناوەکان یان سیفەتی قەڵب لە خشتەی دەنگدەرەکان دابنێت یاخود بە ئەنقەست ناوێك بە پێچەوانەی حکومەکانی ئەم یاسایە دابنێت .

**دووەم:** هەر کەسێك ناوی خۆی یان ناوی غەیری خۆی بەبێ بوونی مەرجی پێویستی یاسایی تۆمارکرد و دەرکەوت کە بەمە دەزانێ و هەر کەسیکیش ناوێکی تری دانەنا یاخود لاییدات .

**سێیەم:** لە هەڵبژاردندا دەنگی خۆی داو دەشیزانی ناوی لەتۆماری هەڵبژاردنەکاندا بەنایاسایی نووسراوە، یاخود مەرجە یاساییە پێویستەکانی لە بەکارهێنانی مافی خۆی لە هەڵبژاردندا لەدەست داوە

**چوارەم:** بەئەنەقست دەنگی بەناوی غەیری خۆی دا .

**پێنجەم:** نهێنی دەنگدانی دەنگدەرێکی بەبێ ڕەزامەندیی خۆی بلاْوکردەوە .

**شەشەم:** مافی خۆی لە هەڵبژاردنێك بۆ زیاتر لە جارێك بەکارهێنا .

**حەوتەم:** ویستی دەنگدەری نەخوێندەواری گۆڕی و ناوێکی نووسی یان ئیشارەتی لەسەر ئەو ڕەمزەدانا کەمەستی دەنگدەر نیە یاخود کۆسپی خستە پێش هەر دەنگدەرێك بۆ ئەوەی مافی هەڵبژاردنەکەی بەکارنەهێنیٚ .

**هەشتەم:** خۆی لەزیاتر لە بازنەیەکی هەڵبژاردندا یان لیستێکی هەڵبژاردندا پالاٚوت .

**نۆیەم:** لەکاتی جیاکردنەوەی دەنگەکاندا گزی ( تەزویر )ی کرد .

**ماددەی بیست و پێنجەم:**

هەر کەسێك ئەمانەی خوارەوە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکریٚ کەلە مانگێك کەمتر نەبیٚ و لە سالێکیش زیاتر نەبیٚ.

**یەکەم:** بەئەنقەست دەست درێژی بۆ سەر پالێوراوەکان، یان بۆ سەر بەرنامەکانیان بکات کە لە شوێنی تایبەت هەڵواسراون .

**دووەم:** خۆ کێشانەوەی پالێوراوێك یان زیاتری لە پرۆسەی هەڵبژاردن ڕاگەیاند و دەشیزانی ئەو کارە ڕاست نیە، ئەمەش بەمەبەستی کارتیکردن بیٚ لەسەر دەنگدەرەکان یاخود گۆڕینی دەنگەکانی پالێوراو بۆخۆی .

**سێیەم**:دەست درێژی کردنە سەر هۆیەکانی ریکلامی هەڵبژاردنی کەبە پێی یاسا ڕێیان پێدراوە بە هەر هۆیەك جا بە کوژاندنەوە یان دڕاندن یان غەیری ئەمانە بیٚ یاخود هەر ڕەفتارێکی لەم جۆرە بێت .

**ماددەی بیست و شەشەم :**

بۆماویەك بەند دەکریٚ کە لە سەڵێك کەمتر نەبیٚ هەر کەسێك ئەمانەی کرد .

**یەکەم:** هێز یان هەڕەشەی بەکارهێنا بۆ نەهێشتنی دەنگدەر لەبەکار هێنانی مافی خۆی یان وای لیٚ بکات بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یان ڕێگە لە دەنگدانی بگریٚ .

**دووەم:** گەر شتێکیدا یان خستیە ڕوو بەڵێنی دا سوودێك بەدەنگدەر یان غەیری ئەو بدات تاکو بە جۆرێکی دیاریکراو دەنگ بدات یاخود وا بکات دەنگ نەدات .

**سێیەم:** گەر ڕازبوو یاخود داوای سوودێکی کرد بۆ خۆی یان غەیری خۆی لەو کەسانەی کە خزمەتێکی گشتییان لە پرۆسەی هەڵبژاردندا پیٚ سپیردراوە .

**چوارەم:** گەر هەواڵی ناڕاستی لە نێو دەنگدەرەکاندا لەبارەی ڕەوشتی یەکێك لە پالێوراوەکان یان لەبارەی ناوبانگییەوە بە مەبەستی کارتیکردن لە ڕای دەنگدەرەکان لە ئە نجامی هەڵبژاردندا بلاٚوکردەوە یا پەخش کرد .

**پێنجەم:** بەچەکەوە یان ئامێرێکی بریندار کەر چووە ناو ئەو بارەگایەی کە بۆ هەڵبژاردنەکان تەرخان کراوە بە پێچەوانەی حکومەکانی ئەم یاسایە .

**شەشەم:** جنێوی دا یان تۆمەتی هەڵبەست یان دەست درێژی کردە سەر لیژنەی هەڵبژاردنەکان یاخود یەکێك لە ئەندامەکانی لە کاتی پرۆسەی هەڵبژاردندا.

**حەوتەم:** تێکدانی سندوقەکانی دەنگدان یاخود خشتەکانی هەڵبژاردن یاخود هەر بەڵگەنامەیەکی پەیوەندیدار بە پرۆسەی هەڵبژاردن .

**هەشتەم:** بەکارهێنانی دروشمەکانی ئاینی یان شوێنەکانی خوا پەرستن بۆ مەبەستی کاری حزبی یاخود ریکلامی هەڵبژاردن .

**ماددەی بیست و حەوتەم:**

هەر کەسێك ئەمانە بکات بۆ ماوەیەك بەند دەکرێ کە لەساڵێك کەمتر نەبێ و غەرامەیەکشی لێ وەردەگیرێ کە لە ١٠٠,٠٠٠ سەد هەزار دینار کەمتر نەبێ و لە ٥٠٠,٠٠٠ پێنج سەد هەزار دیناریش زیاتر نەبێ .

**یەکەم:** دەستی بەسەر سندوقەکانی دەنگدان یان کاغەزەکانی دەنگدان یان تۆماری دەنگدەراند گرت یان شاردییەوە یان لەناوی برد یان تێکیدان یان دزینی .

**دووەم:** لەڕێگای بەکارهێنانی هێز یاخود هەڕەشەی پابەندی ئازادی هەڵبژاردن یان سیستەمەکەی نەبوو

**ماددەی بیست و هەشتەم :**

دەستدانە تاوانەکانی هەڵبژاردنی کە دەقیان لەم یاسایەدا هاتووە بە سزای تاوانی تەواو دادەنرێ، ئەمەش بەدەرە لە حوکمەکانی بنەما گشتیەکان .

**ماددەی بیست و نۆیەم:**

**یەکەم:** لە بارێکدا کە بەشداریی کردنی کیانی سیاسی لە هەستان بەهەر تاوانێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردن کە دەقی لەم یاسایەدا هاتووە ئیسپات بوو، ئەوا غەرامەیەکی لێ وەردەگیرێ کە ٥٠٠٠٠٠٠ پە نجا ملیون دینارە .

**دووەم:** کیانی سیاسی بێ بەش دەکرێ لەو دەنگانەی کە بەدەستی هێناوە لە مەڵبەندی هەڵبژاردنەکە لە بارێکدا ئەگەر یەکێك لە تاوانەکانی هەڵبژاردنی ئە نجام دا کە دەقی لە بەندەکانی ( یەکەم، پێنجەم " شەشەم، حەوتەم، هەشتەم، )ی ماددەی ( ٢٦ ) و ماددەی ( ٢٧ ) ی ئەم یاسایەدا هاتوو .

**سێیەم:** هەر کەسێك سەرپێچی لە حوکمی بڕگەی ( یەکەم ) لە ماددەی ( ٢٠ )ی ئـەم یاسـایەدا کـرد، ئـەوا بەند دەکرێت و بەغەرامەیەکیشی لێ وەردەگیری کەلە ( ١٠,٠٠٠,٠٠٠ ) دەملیون دینـار کـەمتر نـەبێت ولـە ( ٢٥٠٠٠,٠٠٠ ) بیست و پێنج ملیون دیناریش زیاتر نەبێت

## بەشی حەوتەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

**ماددی سی :**

**یەکەم:** کەسەکان و کیانە زیان لێکەوتووەکان لە ئە نجامی بڕیارەکانی دەستە بۆیان هەیە لەماوەی سـێ ڕۆژ لەمێژووی دەرچوونیەوە تانووتی بدەن .

**دووەم:** دەستە سەیری ئـەم ناکۆکییانــە و ڕەخنانــە دەکــات لــەماوەی ئامــادەکردن و جێبــەجێ کردنــی ڕێکارەکانی هەڵبژاردندا ڕوویان داوە .

**سێیەم:** دەستەیەك لـە دادگـای پێداچـوونەوەی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق کەلـە سـێ دادوەری نـا موتەفەریغ پێکدی سەیری ئەو تانووتانە دەکەن کە لەلایەن دەسـتە یـان کەسـەکان یـان کیانـە زیـان لێکەوتووەکانەوە لە ئە نجامی بڕیاری دەستەوە بۆیان هاتووە و بڕیارەکانیشی یەکلاکەرەوەیە .

**ماددەی سی و یەکەم:**

**یەکەم:** ڕۆژی هەڵبژاردنەکان بە بڕیارێکی ئە نجومەنی وەزیران لەسەر پێشنیازێك لـە دەسـتەوە دەسـت نیشان دەکرێت لە ڕێگەی هۆیە جیاجیاکانی ڕاگەیاندنەوە بەر لەوادەی ئە نجامدانی بە ( ٦٠ ) شەسـت ڕۆژ ڕادەگەیەنرێ .

**دووەم:** دەنگدان بۆ ئە نجومەنەکانی پارێزگاکان لەیەك ڕۆژدا دەبێت .

**سێیەم:** لەبارێکدا کە نەتوانرا هەڵبژاردنەکان بکرێن، ئەوا ئە نجومەنەکان لە بەڕێوەبردنی کاروباریان تاکو ئە نجومەنە نوێییەکان هەڵدەبژێردرێن بەردەوام دەبن .

**ماددەی سی دووەم:**

پرۆسەی دەنگدانی کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی نـاوخۆو پاسـەوانی هـەرێم ( پێشـمەرگە ) و سـوپاو کارمەندانی نەخۆشخانە و بەندیخانەکان و ئەوانەی لێیان دابەزیوون، لە مەڵبەندی دەنگدانی تایبەتی بەڕێوە دەچێ کە دەستە بە هەماهەنگی لەگـەڵ وەزارەتـە پەیوەندیـدارەکان دەسـن نیشـانیان دەکـات، بەمەرجێك پێش چل و هەشت کاتژمێر لە وادەی ئە نجامدانی هەڵبژاردنەکە جێ بەجێ بکرێت .

**ماددەی سی و دووەم ( دووبارە ):**

**یەکەم:** لە ئە نجومەنی پارێزگای دهـۆك دوو کورسـی تـەرخان دەکرێـت بـۆ کلـدان سـریان ئاشـووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن .

**دووەم:** لە ئە نجومەنی پارێزگای دهۆك یەك کورسی تەرخان دەگرێت بۆ پێکهاتەی ئەرمەن و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێیی لەسەر دەکەن .

**سێیەم:** لە ئە نجومەنی پارێزگای سلێمانی یەك کورسی تەرخان دەکرێـت بـۆ کلـدان سـریان ئاشـووری و پالێوراوانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن .

**چوارەم:** لە ئە نجومەنی پارێزگای هەولێر دوو کورسی بۆ کلدان سریان ئاشووری و سێ کورسی بۆ تورکمان تەرخان دەکرێت و پالێوراوانی پێکهاتەکانی خۆیان کێبڕکێی لەسەر دەکەن .

**پێنچەم:** دەنگدەرانی هەر پێکهاتەیەك پالێوراوانی پێکهاتی خۆیان هەڵدەبژێرن .

**ماددەی سی وسێیەم:**

پێویستە ئە نجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن .

**ماددەی سی و چوارەم:**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناگرێ گەر لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکۆك بێ .

**ماددەی سی و پێنجەم :**

ئەم یاسایە لە مێژووی بلاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی ( وەقائیعی کوردستان )دا جێبەجێ دەکرێت .

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان –عیراق**

**١٥/ پوشپەڕ/٢٧٠٩ ی کوردی**

**١٣/رەجەب/١٤٣٠ ی کۆچی**

**٦/تەمموز/٢٠٠٩ ی زایینی**

**هۆیە پێویستەکانی دەرچوونی ئەم یاسایە**

بەمەبەستی پتەوکردنی ڕێبازی دیموکراتی لە هەرێمی کوردستان و چەسـپاندنی یـەکێك لـە گـرنگترین بنچینەکانی کە ئەویش دەستاو دەستە کردنی ئاشتیانەی دەستەلاتەو بە مەبەستی ڕێگە رتن لە خەسـت کردنەوەی دەستەلاتەکان، لە ڕێگەی دابەش کردنیان لەسەر بنچـینەی نامەرکـەزی کـار گێڕیـی، تـاکو هاوولاتی بتوانێ ئازادی خۆی و مافەکانی پیادە بکات و لە پێناوی گەیاندنی خزمەتگوزارییـەکان بـۆی

بەشێوەیەکی باشتر، بۆ فەراهەم کردنی ژیانێکی ئازادانەی شکۆمەندانە بـۆی لـە ڕێگـەی ئە نجامـدانی هەڵبژاردنە ئازادو پاك و داد پەروەرییەکان بۆ هەموو پارێزگاو قـەزاو ناحیـەکان، بۆیـە ئـەم یاسـایە دەرچوووێنرا .

تێبینی / ئەم یاسایە لەژمارە( ١٠٢ )وەقایعی کوردستان لە١٣/٧/٢٠٠٩بڵاوکراوەتەوە.

ئامادەکردنی : مافناس سلێمان مستەفا حەسەن

جێگری سەرۆکی ئە نجوومەنی کۆمسیاران